دێرین
ژمارە (2) چوارشەممە 2006/9/20
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: ترێخان

# ژن و سیستمەکانی دەسەڵات

**سیما سەلام**

ڕەگەزی مێینە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا تاتەوقە سەری بەدەست کولتوری پیاوسالاری، ئایین و ئاینزاکان، دابونەریتی خێلەکی، چەمك و بەهای سەقەتوباو، نوقمی چەوسانەوە بووە، ئەگەر روناکاییەك بەقەدەر باریکی تاڵە مویەکیش هەبووبێت لەدرزی دەلاقەی ژیانەوە نەیتوانیوە ئاسودەگی و ئارامی بخاتە دونیای ئەو ڕەگەزە دەروون وێرانە، بەپێچەوانەی پێگەی ژن لەو کۆمەڵگایانەی کەپێشکەوتوون.

ڕەگەزی نێرینە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەحوکمی دەسەلات، هەمیشە لەو کۆمەڵە بەهاو چەمك و کولتورە سوود مەند بووە، هەروەها لەو ژینگە ناهەموارەدا سوارچاکێك بووە کەڵەگایەتی خۆی سەپاندووەو غەریزەکانی خۆی تێروتەسەل کردوە، لەتەك ئەوەشدا سەرجەم بوارەکانی ژیانی بۆ خۆی پاوانکردووەو ناجوامێرانە بەئارەزووی خۆی دەستی لەچارەنووسی ژن وەرداوە.

کەناڵەکانی زانست و زانیاری و مەعریفەت کە دەکرا ژن خۆی تێدا بسەلمێنێت، بەلاّم ڕەگی دیسپۆتی ڕۆژهەلاّتی تاکی نێرینە، بەگریمان و بەدگومانی بێسەروبەر سەرجەم ئەوکەناڵانەی لەسەر ژن داخستووە. ئەگەر هەندێ ژنی وەکو (نەفەرتیتی، سەمیر ئەمیس، کلیۆپاترا) بۆخۆیان لەمێژوودا ناوو ناودەنگێکیان پەیداکردبێت ئەوە دەرهاوێشتەی ڕۆژگار بووە، یان دەسەڵاتداربوون یان جوانی و شۆخیەکەیان وای لێ کردوون لەسەنتەری دەسەلاّتدا تەخت و بەخت یارو یاوەریان بێت. ئەو ژنانە ژمارەیان هێندە کەم بووە بۆیە لەمێژوودا بەزەقی دەرکەوتوون.ئەم سێ ژنە هەریەکێکیان لەزەمان و زەمینەی خۆیاندا ڕێچکە شکێنی بوارێك بووە.

دەرکەوتنی بەهرەو توانای زهنی ژنان بەژمارەیەکی زۆرتر لەگەڵ هاتنی سیستمێکی نوێدا هاوتەریبە، ئەویش سیستمی کۆمەڵگای شارستانیەت و گەشەکردنی فیکری مرۆڤ و داهێنانی عەقلی پیاوە گەورەکان بووە، پاش ئەوەی ئاین و دەسەلاّت لەیەکتر هاوێرکران، چەمك و بەهاکانی ژیانی سەردەمی کۆیلایەتی خرانەبەر تیشکی پشکنین و ڕەخنە گرتن، هاوکات زانستیش لەڕێگای شك و گومان بەتەواوەتی گەشەی کرد، بەوپێیە بوارە هەمەجۆرەکانی ژیان ئالوگۆڕیان تێکەوت، بانگێشتەی فەیلەسوفەکان، مافپەرستان، ئازادیخوازان وای کرد تاك ببێتە تەوەری بیرکردنەوە، هەر ئەوەشبوو پەنجە خرایە سەر خاڵە لاوازەکانی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، دواکەوتن و پێشکەوتن، بووە هەوێنی بەئازادی کردنی مرۆڤ، مرۆڤیش کەئازاد دەبێت، ئازاو بوێریش دەبێت، لەهەمان کاتیشدا دەیان هەل و مەرجی بۆ دەرەخسێت کە بەهرەو توانای زاتی خۆی تیادا تاقی بکاتەوە، بەمەرامەکانی خۆی شادو سەرفراز بێت. لەوژینگە نوێیەدا دەیان دەرگا بۆ ژنان لەسەر گازەرەی پشت کرانەوە. لەڕۆژئاوا بەهیمەتی دەیان فەیلەسوف و زاناو پیاوانی ریفۆرمیست و کەسانی سۆسیۆلۆژیست و بزوتنەوەی سیاسیو شۆڕشی کۆمەلاّیەتی، گەشەکردنی خێرای سەرمایەو داهێنانە گەورەکانی بواری شۆڕشی پیشەسازی، لەپال خودی خەبات و تێکۆشانی ژنانیش زەمینەی کۆمەڵگای مەدەنی دروست بوو، لەو ئەتمۆسفیرەدا ژنان لەپێناسەی ژیاندا پێگەیەکی نوێیان بۆخۆیان دەستەبەر کرد، ئایین و بەهاکانی دوێنێ جێگەیان پێ لەقکرا، خودی تاك لەناو ئەو سیستەمە نوێیەدا بەزۆری زۆردارەکی خۆی کردە سەنتەری ژیان و بەهایەکی بۆ خۆی پەیدا کرد. هەرئەوەش بوو کە بووە هەوێنی ناو دەرکردنی دەیان ژن هەریەکەیان لە بوارێکدا تواناو بەهرەی خۆی خستە تای تەرازووی بەراوورد کردن لەبەرامبەر ڕەگەزی نێرینە.

تاك لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا زەلیلی ئەو کولتورو کەلەپوورە دواکەوتووەیە، تاك، لەمەرسەمێك دەژی هەرچوار دیوارەکەی بەعاتیفە و خەیاڵ و وردەکاریەکانی غەیبیاتەوە راهێنراوە، کەچی بەپێچەوانەوە لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، تاك، لەناوتاقیگەیەکی زانستیدا پەروەردە دەکرێت، لەگەڵ زانست وزانیاری ولێکۆڵینەوەدا مامەڵە دەکات، بەدوای وەلامی دروست دەگەرێت و تەسلیم بەگومانەکان نابێت، ژیان بەرەو قۆناغی چاکسازی پال دەنێت. خۆی بەکۆیلەی غەیبیات نازانێ، هەرئەو ژینگە دیموکراسیە بوو کەئەدەب، زانست، ئابوری، ئەقڵی مرۆڤەکان لەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەیەك ئاست گەشەیان کرد. جگە لەپیاوان ژنانی بلیمەتیشیان تێدا هەلکەوت، چاونەترسانە خۆیان خزاندە دونیای زانست و مەعریفەت.

قەدیسە (ژاندارك) بەگژ کلێسادا چوو گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخشی و بوو بە سیمبوڵی ژنانی ئازاو بوێر، (هێلین کیلر، ئاجاساکریستی، خوشکانی پۆنتی، فرانسواساگان، سیمون دیبۆڤوار، سەلما لاگەرلۆڤس) چیرۆك نوس و رۆمان نووسی بەتوانان، ناوبانگیان بەهەموو دنیادا بلاّوبۆتەوە. ژنە زانای بەرەگەز پۆلۆنی(مەدام کوری) کەدوو خەلاتی نۆبلی وەرگرتووە، ناوێکی گەورەیە لەدونیای زانستدا. ژنانی سیاسەتمەداری وەك (مارگرێت تاچەر، ئەندێرا گاندی، باندرانایکا، مادلین ئۆلبرایت، کۆندالیزارایس، ئەنجێلامیرکل، ئەنجێلادیفز، گۆلدامائیر..هتد) کەسانێکن لەدونیادا ناسراون، ئەگەر ئەم ئازادیە نەبوایە کێ ناوی دەبیستن؟؟ رەنگە بەدرێژایی هەزاران ساڵ ژنی وەکو ئەوانەش هەرهەبووبن، بەلاّم کەناویان لەمێژوودا نەهاتووە ئۆباڵی نەناسینیان دەگەرێتەوە بۆ ئەو سیستمی ژیانەی کە ئەوان تێدا ژیابوون.

کۆمەڵی کوردەواری بەحوکمی ئەوەی هەرگیز خاوەنی کیانی سیاسی خۆی نەبووە، ژێردەستەیی و زوڵم وزۆری داگیرکەرانی بەسەرەوە بووە، تاوانە گەر ناهەقی بکەین سەبارەت بەژنی کورد، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا کە ژێردەستە بووە سەروسامان و خێروبێرەکەی بۆ داگیرکەران بووە، وەك وولاّتە پێشکەوتوەکانی تری دنیا بەوهەموو قۆناغانە تێنەپەریوە کەهەریەکەیان بەردێکی دیکەی خستۆتە سەر دیواری هەرەمی زانست و مەعریفەت، بەلاّم ئێمەش بەوهەموو کەمو کوریەوە چەند ژنێکمان هەن کەبۆنەتە سیمبول وەك (حەپسەخانی نەقیب، عادیلە خانم،مەستورەی ئەردەلانی، قەدەم خێر، خانزادی میری سۆران)، تەنیا (قەدەم خێر) نەبێت، ئەوانی دیکە هەڵکەوتەی ناو سیستمی خێلایەتی یان لەدەسەلاّتی بنەماڵە بوون و بواری ناودارییان بۆ ڕەخسا، تاوانی ئێمە نیە کەتائێستاش خۆسوتاندن و خۆکوشتن و یان ژن کوشتن و ریسواکردنی لەکوردستاندا مابێت و کولتورێکی سەقەت، ئاراستەی ئەقڵی تاك بکات، جگەلەوەش ژنان خۆشیان بەرێژەیەکی زۆر بەهەندێ لەم زەلیلی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە قایلن، مەگەر تاك و تەرایان نەبێت بوێرانەو ئازادانە لەسەرکێشەی هاورەگەزەکەی خۆیان بێنە قسەو دەمەتەقێی جدی لەسەر بکەن. دەسەلاّتی کوردیش وا بۆ 15 ساڵ دەچێت تا ئێستا بەپێی پێویست ئاورێکی ئەوتۆی لەحال و بالی ژنان نەداوەتەوە.


حەپسەخانی نەقیب


دانیال میتران

# پیاوان ژنان دەچەوسێننەوە یان ژنان خۆیان غەدر لە خۆیان دەکەن...!

**بەڵێن هەڵەبجەیی**

بێگومان ئەگەر باس لەمەسەلەی چەوساندنەوەی ژنان و یاخود هەرجۆرێکی توندوتیژی دژ بەژنان بکەین وەك ڕەوشێکی کۆمەلاّیەتییانەی گشتگیر، ئەوا لەم ئاستە کۆمەلاّیەتییەدا دەستنیشانکردنی هۆکارو مۆتیڤە سەرەکییەکانی ئەم دیاردە کۆمەلاّیەتییە، سنوورە سادەو تەقلیدییەکانی عاتیفە گەرایی باو دەبەزێنێت و لەهەمان کاتدا پێویستە ئەو سنوورانە تێك بشکێنرێن کەهۆکارن لەسەر مانەوەی ئەو بارودۆخ و ڕەوشە ناسەقامگیرو ناهەموارەی کەتیایدا قەیران و گرفت و خەمە کۆمەلاّیەتییەکانی ژنانی تیادا بالاّدەست بووە, لێرەدا ئەم سنوورە لە عاتیفە گەراییە ڕیگری دەکات لەهەموو ئەگەرەکانی نزیك بوونەوە لەگەران و کەشفکردنی ئەو هۆکارانەی کەتوندوتیژی کۆمەلاّیەتیانە بەرهەم دەهێنن دەرهەق بە ڕەگەزی ژن، بەهەر حاڵ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە مەسەلەی توندوتیژی و چەوساندنەوەی ژن ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەوکولتورو داب و نەریتە کۆمەلاّیەتیانەیە کەوەك سیستمێك کۆمەلگا لەمێژە لەسەری ڕاهاتووە, جا لێرەدا توندو تیژی یان هەر جۆرێکی چەوساندنەوە دەرهەق بەژن شوناسی ئەو ساتە وەختە کۆمەلاّیەتییە کەدەشێت ناوی لێ بنێین ترادیسیۆنێکی کولتوری وا کەراستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئیش لەسەر بەرهەمهێنانی هەموو شێوازەکانی ترس و فۆبیاو بەدگومانییەکی کۆمەلاّیەتیانە دەکات، هاوکات بلاّوبونەوەی ئەو ڕەوشە کۆمەلاّیەتییە ناهەموارەی کەڕاستەوخۆ گرێدراوی مێژووی دێرینی ئەو کۆمەلگایەیە کەزمانی توندوتیژی و چەوساندنەوەی کۆمەلاّیەتیانە تیایدا ئاشکراترین هێزی دەربرینە.

بەلاّم لەم هەل و مەرجە کۆمەلاّیەتی و کولتورییەی هەنوکەدا کەبەرهەمی ساتەوەختێکی ناهەموارو قەیراناوییە, لەم ئاستە کۆمەلاّیەتییە ناهەموارەشدا توندو تیژی و چەوساندنەوەی کۆمەلاّیەتیانە بەرامبەر ڕەگەزی مێ لەهەر ئاست و پلەیەکی تەمەندابێت وەك هۆکارێك ناکرێت کەبەتەنها پیاوان یاخود ڕەگەزی بەرامبەر بەخۆیان لێی بەرپرسیار بن و وەك تاوانێك بدرێتە پاڵئەوان, بەلکو دەشێت خودی ئەم ڕەوشە کۆمەلاّیەتییە ناسەقامگیرو ناهەموارە وەك گشتێك لەروانگەی ئەو گرفتە کۆمەلاّیەتێیەوە ببەستینەوە بەبوونی ئەو ناهۆشیاریو نابەرپرسیارێتییە کۆمەلاّیەتیو کولتوورییەی کە هەردوو ڕەگەز وەك پرۆسەیەك لەبەرهەمهێنانی ئەو ڕەوشە کۆمەلاّیەتییە قەیراناویو تراژیدیا ئامێزەدا بەشداربن کە ڕووبەرێکی بەرفراوانی لەتوندوتیژی و چەوساندنەوەی کۆمەلاّیەتییانەی بەرهەمهێناوە، ژنان لەم سەرو بەندەدا زۆرترین قوربانیدەری ئەو ڕەوشە کۆمەلاّیەتییە قەیراناوییەن، واتە لەم ئاستە کۆمەلاّیەتییە مەترسیدارەدا ئەوان پشکی شێریان بەردەکەوێت. بەلاّم هەروەك لەپێشتردا ئاماژەم پێکرد سروشتی ئەم دیاردە کۆمەلاّیەتییە نالەبارە هەردوو ڕەگەز لەساتە وەختی جیاجیادا لێی بەرپرسیارن، لەگەڵ ئەوەشدا بێماناترین تەفسیر بۆئەم ڕەوشە کۆمەلاّیەتییە ناهەموارە ئەوەیە کەپێمان وابێت پیاوان بەتەنها دەبنە ئەو میکانیزمەی وەك هێزێکی پاتریارکیانەو بەردەوام ژنان بچەوسێننەوە بەلکو لەپاڵ ئەمەشداخودی ژنان خۆیان هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەرن لەبلاّوبوونەوەی ئەم دەردو نەخۆشیە کۆمەلاّیەتییە کوشندەیە. ئا لەم ئاستە کۆمەلاّیەتییە مەترسیدارەدا دەبێت هۆشیار بین و لەیادمان نەچێت کە ئەو شێواوییە گەورەیەی کە لەباری کۆمەلاّیەتیماندا ئامادەیەو هەنوکە لەناویدا دەژین بەرەنجامی ئەو بەدحاڵیبوون و ناهۆشیاری و داخرانە کۆمەلاّیەتییەیە کە چۆنیەتی پەیوەندییە سروشتی و کۆمەلاّیەتییەکانی هەردوو رگەزی مروڤلەگەڵ مامەلەکردنێکی ناشایستەو ناتەندروست و بارگاوی بە لۆژیکی تاکرەوی و بەدگومانییەکی قووڵەوە گرێدراو کردووە..

_لێرەدا دیاردەیەکی مەترسیدار هەیە کە دەشێت لەبونی خۆیدا وەك تراژیدیاترین ڕەوشێکی کۆمەلاّیەتییانە ئاونوسی بکەین کە ریشەکانی ئەم قەیران و گرفتە کۆمەلاّیەتییە باوە لەنێو کایەی ئالوگۆڕکردنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتی و ئەخلاقی و مرۆیی و سایکۆلۆژییەکانی ژنان خۆیاندا پەنهانەو زەحمەتێکی زۆری دەوێت تاوەکو ووردو درشتی ئەو قەیران و گرفتە کۆمەلاّیەتییە لەبونیەتێکی دیاریکراوی خۆیدا دەستنیشان بکەین.

بەلاّم هەرچۆنێك بێت سروشتی ئەم گرفت و قەیرانە کۆمەلاّیەتییە لەسەر زەمینی واقیعێکی ئەم کۆمەلگایەدا نزیکمان دەکاتەوە لەئەگەرەکانی بەدگومانییەکی قووڵ کە ئەویش کەمتەرخەمیو جۆرێك لەنابەرپرسیارێتی ژنان خۆیانە لەبەرامبەر خواست و مافە ڕەواکانیاندا کە شایستە بەرەخنەگرتنێکی قووڵی کۆمەلاّیەتییانەو ئەخلاقیو ویژدانیانەیە لەتێکرای ئەو نابەرپرسیارێتیو کەمتەرخەمیانە کە ژنان وەك غەدرکردنێکی کۆمەلاّیەتیانە دەرحەق بەخۆیان ئەنجامی دەدەن لە تێکرای ئەو ئەرك و مافانەی کە بەبوونەوەری ژن نرخ و بەهاو مانای شێوە ژیانیکی ڕاستەقینە دەبەخشێت، ئا لەم ئاستە قەیراناویەدا خەزێنە مرۆییەکانی کەسیەتی ژن لە گرنگترین شتێك تالاّن دەبێت کە ئەویش لە دەستدانی ئازادییەکی سروشتی و ڕەوا بەخۆیەتی کە ئەو ئازادیە سروشتیەش لەهەر ئاست و ڕەهەندێکی کۆمەلاّیەتیانەدا سەیربکرێت، میکانیزمی گەرانە بەدوای ئەو نهێنیانەدا کە بەئاشکرابونیان ماناو بەهاو چێژو خۆشیەکانی ژیانکردنێکی ڕاستەقینە لەسەرزەمینی واقعیدا مەیسەر دەکات...

لەکۆتاییدا ئەوەیماوەتەوە کە بلێم چەوساندنەوەی ژنان بەتەنها ئەو پرۆسە نائەخلاقی و نامرۆیی و ناکۆمەلاّیەتیانە نییە کە چەمکی پیاوبوون بەمانا پاتریارکییەکەی هەلسورێنەری بێت، بەلکو بەشێکی سەرەکی و دیاریکراوی ئەو چەوساندنەوە کۆمەلاّیەتیانە چەقی قورساییەکەی، وەك هۆکارێك بۆ ئەو گرفتی ناهۆشیاری و کەمتەرخەمی و نابەرپرسیارێتیانە دەگەرێنمەوە بۆئەوەی کە ژنان وەك مێژوویەکی ئەزمونکراوی خۆیان لێی بەرپرسیارن و دواجار وەك غەدرکردنێکی کۆمەلاّیەتیانەی کاریگەر لە نێو ڕیزەکانی خۆیاندا بەرپای دەکەن.....




## خەباتی شاخ

# ژنە پێشمەرگە، یان پێشمەرگەی ژن

**محەمەد بەکر**

خەباتی رزگاریخوازی گەل و نەتەوەکانی دونیا لەپێناوی رزگاری نیشتمانیدا مێژوویەکیی دوورو درێژوو پر لەتێکۆشان و قوربانیدانی هەیەو لەکۆی ئەو داستان و چیرۆکانەی لاپەرە سپییەکانی مێژوویان رەش کردۆتەوەو ئەمرۆ بەمیرات بۆ خەباتگێرو تێکۆشەرانی گەل و نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان ماونەتەوە خالی نین لەژنانی تێکۆشەرو خەباتگێری وا کەسەرجەم ژیان و گەنجی و جوانی خۆیان بۆشۆرش و خەباتی رزگاری نیشتمانی تەرخان کردووە، هەر وەکو ئەو چەند ژنە کوردەی کەبەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، لەسەختترین قۆناغەکانی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەیاندا وەکو پێشمەرگەیەکی ژن نەك وەك ژنی پیاوێکی پێشمەرگە( ئەگەر ژنی پیاوێکی پێشمەرگەش بووبێت، ئەگەر خۆی خوازیاری پێشمەرگایەتیی نەبووبێت چارەسەری دیکەیان هەبووە، وەك نەرۆیشتنە شاخ، یا رۆیشتن بۆدەرەوەی ولاّت و.هتد)

ئەو ژنە پێشمەرگانە زۆر خۆراگرانەو بەبیرو بروایەکیی پتەووە بەشداری بەرەو پێش بردن و گەشەپێدانی شۆرشیان کردووە، ورەبەرزانە لەشارو شاخداقوربانیان داوەو بەرگەی قۆناغە هەستیارو دژوارەکانی شۆرشیان گرت و هەرگیز چۆکیان بۆدووژمن و داگیرکەران دانەدا.

بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرەنج و هەلوێستەیە ئەوەیە، لەدوای راپەرینەوە زۆر بەکەمی نەبێت ئەو ژنە پێشمەرگانەی شاخ نە لەحزب و لەحکومەتدا وەکو پێویست دەرنەکەوتوون.

لەوانەیە بیانووی هەندێك لەژنان ئەوە بێت کەهێشتا لەپێشکەوتووترین پارت و رێکخراوی سیاسیدا پیاو سالاری و گەلەکۆمەکێی پیاوان هەیەو هەموو ناوەندەکانی دەسەلاّتی حزب و حکومەت لەلایەن تەکەتولە پیاوانەکانەوە قورغ کراوە، بەلاّم نابێت ژنان ئەوەیان لەیاد بچێت کە رۆژانێك ئەوان لەشاخدا بەتواناو لێهاتوویی خۆیان جێگەو پێگەی خۆیان دەستەبەر کردبوو، بۆیە لەمرۆشدا نابێت هیچ چاوەروانی سۆزو بەزەیی پیاوان بن و دەبێت خۆیان بێ جیاوازی لەلایەنگرێتی حزب و رێکخراوە سیاسییەکان لەدەوری بەرنامەیەکی یەکگرتووی ژنانە کۆببنەوەو بەجۆرێك بوونی خۆیان بسەلمێنن سەرکردایەتیی پیاوسالاری نەتوانێت چیدیکە پەراوێزیان بخات.

لەسەر پیاوانی ناو سەرکردایەتیی سیاسی حزب و رێکخراوە سیاسییەکان و حکومەت و پەرلەمانیش پێویستە هەلوێستەیەك بکەن و ئاورێکی ویژدانیلەژنە پێشمەرگەکانی شاخ بدەنەوە، لەوە تێبگەن ئەو ژنانە هەر ئەو ژنانەن کە رۆژانێك لەشاخ پێشمەرگەی ژن و ژنی پێشمەرگەو دایك و خوشکی پێشمەرگە بوون و ئەمرۆش بەمافی رەوای خۆیانی دەزانن لەپێناوی خزمەتکردنی نەتەوەکەیان و مومارەسەکردنی پسپۆری و بوارەکانی خۆیان لەپۆست و پلە حزبی و حکومییەکاندا بایکۆت نەکرێن.